# یاسای دیاری کردنی تەمەنی جینائی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١٤**
**رۆژی دەرهێنان: ١١/١٠/٢٠٠١**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٦)ی رۆژی (١٠/١٠/٢٠٠١)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو صەلاحیاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠١
## یاسای دیاری کردنی تەمەنی جینائی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**ماددەی یەکەم:**

بە مەبەستی ئەوەی کە یاسای ژمارە(٧٦)ی ساڵی١٩٨٣ی چاودێری مێرد منداڵان(رعاية الاحداث)لە هەرێمی کوردستاندا بەسەر مێرد منداڵی کەتن کەر(جانح)وئەو بچووک و مێرد منداڵانەشدا کە تووشی کەتن دەبن وبەسەر خاوەنەکانیشیاندا پیادە بکرێ، ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بەماناکانی بەرامبەریان لێک دەدرێنەوە:ـ

١ـ ئەوەی تەمەنی(١١)یازدە ساڵانی تەواو نەکردبێ بە بچووک لە قەڵەم دەدرێ.

٢ـ ئەوەی(١١)ساڵانی تەواو کردبێ وهەژدە ساڵانی تەواو نەکردبێ بە مێردمنداڵ(حدث)لە قەڵەم دەدرێ.

٣ـ ئەوەی تەمەنی (١١)یازدە ساڵانی تەواو کردبێ و(١٥)پازدە ساڵانی تەواو نەکردبێ بە منداڵ لە قەڵەم دەدرێ.

٤ـ ئەوەی(١٥)پازدە ساڵانی تەواو کردبێ و(١٨)هەژدە ساڵانی تەواو نەکردبێ بە لاو لە قەڵەم دەدرێ.

٥ـ خاوەنەکانیان: باوکە، دایکە، یان ئەو کەسەیە کە بچووکێ، یان منداڵێکی لە ژێر سایەدا بێ، یان بە بڕیارێکی دادگا یەکێ لەو دوانە پەروەردە بکات.

**ماددەی دووەم:**

هەر کەسێ لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا تەمەنی(١١)یازدە ساڵانی تەواو نەکردبێ، دەعوای جەزائی (الدعوى الجزائية) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەسەر ناکرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی(٣)و ماددەی(٤٧ـ یەکەم)لە یاسای ژمارە(٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی چاودێری کردنی مێردمنداڵان، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێ و، لەجیاتی ئەو دوو ماددەیە حوکمەکانی ماددەی یەکەم و دووەمی ئەم یاسایە دەخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکارو حوکمەکانیشی ئەو دەعوایانەش دەگرێتەوە کە هێشتا حوکمی بنبڕیان بۆ دەرنەچووە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆكاره پێویستەكان

بۆ بەرجەستە كردن و بەگوێرەی سیاسەت و بۆچوونی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق بەرامبەر بە منداڵ و بەرپرسیارێتی بۆ ئامادە كردنی بارودۆخێک كە دەرفەت بدات بە بەشداری بەشێوەیەكی كارامەو داهێنەرانە لە ژیانی كۆمەڵایەتی و رامیاری وپەرەپێدان بە توانا هزری و رەوشتی و روحییەكانی لەمیانی خێزانێكی یەكگرتووی پتەو و دڵنیابوونی پەیوەندیەكی بەردەوامی وهاوبەند بۆ منداڵەكانی و، ئامادە كردنی بارودۆخێكی گونجاو بۆ گەشە كردنی كەسایەتی منداڵەكە بەشێوەیەكی یەكسان و هاوسەنگ لە ژینگەیەكی لە باردا بەتایبەتی كە ئەو منداڵە بە ترسناكترین قۆناغەكانی ژیانیدا تێدەپەڕێ و، مێرد منداڵیش پێش گەیشتنی بە تەمەنی (١١)ساڵان هۆشی لاوازە بەرامبەر بەو كردەوانەی كە دەیكات و بە پێچەوانەی یاسان و، پێشبینی نەكردنی رەهەندەكانی یاسایی و كۆمەڵایەتییەكانی و، ئەو ترسناكی كە لێ دەبێتەوە وهەروەها ئەو زیانەی كە لە كۆمەڵ دەكەوێت بەهۆی وچ بەرپرسێتیەكی جینائی لەسەر دەكەوێت وچ بەسەردا دەسپێنرێت بەو هۆبەوە لە سزاو بێ بە پێی ئەو ئاراستە باوانەی لە وڵاتە پێشكەوتووەكانی جیهان لە بواری چاودێری نەوجوانان و پاراستنیان لە(الجنوح)وە چارەسەر كردنی ئەو لادان و كەتنانە كە توشیان دەبێ وبۆ ئەوە كە حوكمەكانی یاسای چاودێری كردنی نەوجوانان زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ حوكمەكانی پەیوەندار بە سەرەتا كۆمەڵایەتییەكان و یاسایەكان و پەیوەست بە مافی منداڵان و سەرپەرشتی كردنیان و حوكمەكانی رێكەوتنامەی مافەكانی منداڵ پەسەند كراو لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان كە لە ٣/ایلول/ ١٩٩٠مۆر كراوە.